# پەروەردە و کۆڵۆنیالیزمی نوێ*

فیلیپ جی. ئاڵتباخ
و: هێما کوردستانی

برێ کەس دەڵێن سەردەمی کۆنی کۆلۆنیایی بەسەرهاتووە. بەڵام بەڵگە چییە؟ ئەو وڵاتانەی پێشتر کۆلۆنی بوون ئێستا سەربەخۆن. بەو حاڵەوە، لەسەر داروپەڕدووی ئیمپراتۆریای نەریتیی کۆلۆنیالیزم، جۆرێک لە کۆلۆنیالیزم بە شێوازی هەست پێ نەکراو و بگرە بە هەمان ڕادە کاریگەر و شوێندانەر سەری هەڵداوە.

وڵاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو (ئەمریکا، زۆربەری وڵاتە ئەورووپییەکان و هەروەها یەکێتیی سۆڤییەت و ژاپۆن) درێژە بە کارتێکەریی بەرچاوی خۆیان لەسەر ئەو شوێنانە دەدەن کە ئێستا بە وڵاتانی لە حاڵی گەشە ناسراون. کۆلۆنیالیزمی نەریتی بریتی بوو لە زاڵبوونی سیاسیی ڕاستەوخۆی وڵاتێک بەسەر ئەویتردا و بەو پێیە ڕەخساندنی بوارێک بۆ هێزی داگیرکەر تا بتوانێ دەسەڵاتی تەواوی لایەنەکانی ژیانی نێوخۆ و دەرەکیی وڵاتی داگیرکراو وەدەستەوە بگرێ. بەرەنجامەکانی کۆلۆنیالیزم لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، ئەوەش لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی وڵاتی داگیرکەر و لە لایەکی ترەوە بۆ بارودۆخی وڵاتی داگیرکراو. پێناسەکردنی لیبراڵیزمی نوێ ئاسان نییە و بەو پێیەش شیکردنەوەشی دژوارە.

لەم نامیلکەیەدا لیبراڵیزمی نوێ بە مانای کارتێکردن و شوێندانانی وڵاتانی پێشکەوتوو لەسەر وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا دێ؛ بە لەبەرچاوگرتنی سیستەمی پەروەردە و ژیانی فیکریی ئەم وڵاتانە. لە کۆلۆنیالیزمی نوێی مۆدێرندا کە لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی نەریتی جیاوازە، کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سیاسی و دەست ئاواڵەیی کەمتر بەدی دەکرێ. هەرچەند لەڕووی ڕەهەندەکانی داسەپاندنی دەسەڵاتی وڵاتانی پێشکەوتوو بەسەر وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا، دۆخەکە بە هەمان شێوە ماوەتەوە.

کۆلۆنیالیزمی نوێ تا ڕادەیەک سیاسەتێکی پلان بۆ داڕێژراوی وڵاتانی پێشکەوتووە بۆ درێژەپێدانی دەسەڵاتیان بەسەر وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا، بەڵام هەروەها درێژەی ئوسلووب و شێوازی پێشووی خۆیەتی. کۆلۆنیالیزمی نوێ هەمیشە کارتێکەریی نەرێنی و نێگەتیف نییە وەک چۆن کۆلۆنیالزم خۆی لە چەندین ناوچەدا خاوەن کارتێکردنی ئەرێنی بووە. لێرەدا بە گشتی، بە وردی گرنگی دراوە بە کارتێکردنە نەرێنییەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێی پەروەردە، چۆنکە بەرەنجامەکانی لەسەر وڵاتانی وەرگری کۆلۆنیالیزمی نوێ گرینگن و هێشتا بە تەواوی لێکدانەوەیان بۆ نەکراوە.

کۆلۆنیالیزمی نوێ دەتوانێ کراوە و ئاشکرا خۆی دەرخات، وەکوو بەکارهێنانی کتێبی وانەوتنەوەی وڵاتانی بیانیی داگیرکەر لە قوتابخانەکانی وڵاتێکی لە حاڵی گەشەدا. ئەمە بە گشتی کردەوەیەکی بێدەنگە لە هەمان حاڵیشدا بابەتگەلێک وەکوو کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکارە تەکنیکییە بیانییەکان، لە بواری ڕێباز و بەردەوامیی مۆدێلەکانی ئیدارەکردن لە لایەن هێزی دەرەکییەوە و سەرچەشنەکانی بەرنامەی دەرسیی قوتابخانەکان دەگرێتەوە. برێک لە وڵاتانی لە حاڵی گەشە، بۆ نموونە لە قوتابخانە ناوەندییەکان و زانکۆکاندا، پشت بە مامۆستا کۆچبەرەکان دەبەستن. بە بێ لەبەرچاوگرتنی دیدگای تاکەکەسیی خۆیان، ئەم مامۆستایانە لە قوتابخانەکاندا هەوڵی ڕاگواستن و فێرکردنی بەها و نۆرم و دیدگا ڕۆژاواییەکان دەدەن.

زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی گەشە، مۆدێلی داگیرکارانەی بەڕیوەبردنی قوتابخانەکانیان پاراستووە و تەنها بە ڕێژەیەکی کەم گۆڕانکارییان بەسەر بەرنامەی دەرسیدا هێناوە، بەم پێیەش ئاراستەی پەروەدەی داگیرکارانەیان پاراستووە (بڕوانە ;Ashby 1967

...(Kazamias and Epstein 1968)

پشت بەستن بە مۆدێلە بیانییەکان تا ڕادەیەک لە لایەن دەوڵەتی داگیرکەرەوە دادەسەپێنرێت. پەروەدەی نیشتمانی چ بە هۆی بەرنامەوە و چ وەکوو ئاکامی نەخوازراوی ئەو سیاسەتانەی پێداویستییە خۆجێییەکان و نەریتەکان پشتگوێ دەخەن و نادیدەیان دەگرن، تێکوپێک دەدرێ و لەناو دەچێ.

بە ئەستەم بینراوە هێزە داگیرکەرەکان، ئامراز و ئیمکاناتی پەروەردە و فێرکردن لە وڵاتانی داگیرکراودا دامەزرێنن و دەستبەجێ دەرفەتەکانی فێرکارییان سنوردار کردووەتەوە و بە واتایەکی دیکە بەربەست و ڕێگر بوون لە بەرانبەر مودێرنیزاسیۆنی ئەم وڵاتانەدا. هەروەها بوونی ئەم ئیمکاناتە، ڕەنگدانەوەی پێویستییەکانی هێزی داگیرکەر بووە نەک پێویستییەکانی جەماوەر و خەڵکی خۆجێیی.

ناتەواویی سیستەمی پەروەردەی مۆدێرن، ڕەوتە کۆنەکانی بەرنامەی پەروەردە و ئاراستەی قوتابخانەکان لەمەڕ بنیاتنانی کادری ئیداری، لەجیاتی گرنگیدان بە ڕاهێنانی تەکنیکی و بواری هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی کەسانێک کە بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێویستن، لە ئەزموونی زۆرێک لە وڵاتانی کۆلۆنی و داگیرکراودا دەبینرێ.

زۆرینەی هێزە داگیرکەرەکان، بە تەواوی گرنگی دەدەنە پەروەردە، لێکۆڵینەوە مرۆییەکان، ڕەوانبێژی و زاڵ بوون بەسەر زمانی وڵاتی داگیرکەر و زانیاری و لێهاتوویی پێویست بۆ پۆستە ئیدارییەکان.

پارێزەران ڕادەهێنرێن بەڵام زانا و بیرمەند و پسپۆڕی کشتوکاڵ و مامۆستای شایستە کەمتر بوونیان دەبێ بۆ کاتی سەربەخۆیی.

گرووپە ئیلیتەکان تا ڕادەیەک وەکوو بەشێک لە پرۆسەی پەروەردەبوونی خۆیان خاوەن ڕوانگەی ڕۆژاواییین. لە برێک حاڵەتدا، لە ڕاستیدا تاکەکان بە زمانی نیشتمانیی خۆیان نامۆن. سیاسەتەکانی پەروەردەی کۆلۆنیالی بە گشتی نوخبەگەرایە، لە هیندووستان، پەروەردەی نوخبەگەرایانەی بەریتانیا وەکوو «پاکتاوی مەیلەو خوار» دەناسرێ ـ سیستەمێک کە تێیدا گرووپێکی چکۆلەی هیندییەکان کە هەڵگری شێوازی پەروەردەی بەریتانین بە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا بڵاو بوونەوە (بڕوانە McCully 1943).

سیاسەتی تواندنەوە و ئاسیمیلەکردنی فەڕانسەیش بە هەمان شێوە کاری کردووە. فەرهەنگە خۆجێییەکان کە زۆر جار بە فراوانی گەشەیان کردبوو، لەسەر دەستی سیاسەتی پەروەدەی داگیرکەرەوە نادیدە گیراون و نکۆڵییان لێ کراوە. خواست و ئاراستەی مودێرنیزەبوون زۆر جار لەلایەن پەروەردەی ئەورووپییەوە هان دراوە، کەچی لە هەمان حاڵدا لە لایەن کونترۆڵ و دەسەڵاتی بیانییەوە بە لارێدا براوە. قوتابخانەکان لەسەرخۆ و بەئارامی لە لایەن دەوڵەتانی داگیرکەرەوە بنیات نران و تەنانەت گوشار و زەختی ناوخۆیی بۆ پەروەردە نەیتوانی سیستەمێکی گەورە و بەرین و تەواو پێک بێنێت. برێک لە هێزە داگیرکەرەکان، وەکوو بەلژیکییەکان، هەستیان بەوە کرد کە ڕاهێنانی جەماوەری خۆجێیی لە ئاستێکی باڵادا سیاسەتێکی هەڵە بووە و بۆیە کاتێک کۆنگۆ لە ساڵی ١٩٦٠دا سەربەخۆیی خۆی بەدەست هێنا، تەنیا خاوەن ژمارەیەکی کەم دەرچووی زانکۆ بوو. فەڕانسەییەکان بە پشت بەستن بە سیستەمی پەروەدەی خۆیان لەسەر ژمارەیەکی زۆر کەمی کەسانی ئاسیمیلەبوو، تەنها تاقمێکی کەمی دەرچووی زانکۆیان بەرهەمهێنا. لە حاڵێکدا کە سیاسەتی بەریتانیا ڕێی بە چەند هەوڵێک بۆ ئازادی و دەست ئاواڵەیی خۆجێیی دەدا و دەرفەتی زیاتری

بۆ خوێندنی ناوەندی و خوێندنی باڵا دەدا، پەروەدەی قۆناغی سەرەتاییيان پشتگوێ خستبوو. بە پێچەوانەوە، فەرانسەییەکان و بەلژیکییەکان وزە و دارایی خۆیان لەسەر پەروەردەی سەرەتایی دانا. رێکخراوی کڵێسەش هاوشان، بە راهێنان و پەروەردەی مرۆییەوە خەریک بوو. سەرەرای ئەم جیاوازییانە، هێزە داگیرکەرەکان لە میانەی پرۆسەی بەرێوەبردندا هیچ حیسابێکیان بۆ ویست و ئارەزووی خەڵکی خۆجێیی ئەم وڵاتانە نەدەکرد.

لە زۆربەی وڵاتانی لەحاڵی گەشەدا سەربەخۆیی سیاسی بە رێژەیەکی تا رادەیەک کەم لەباری پەروەردەوە، گۆرانی بەسەردا هاتووە. چەن وڵاتێک، سەرەرای خەبات و بزووتنەوەی ناسیۆناڵیستی یان هەستی قووڵی دوژمنایەتی بەرانبەر وڵاتانی داگیرکەری پێشوو، رەوتی پەروەردەی رابردوویان پچراندووە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، بۆ نموونە هیندووستان، پاکستان، بێرمە و سینگاپوور، سیستەمی پەروەردە لەرووی ژمارەوە پەرەی سەندووە و بڵاو بووەتەوە، بەڵام لەرووی بەرنامەی پەروەردە و ئاراستەی خوێندن و ئیدارەکردنەوە نەگۆراوە.

لە ژمارەیەک لە وڵاتاندا بەتایبەت لە ئەفریقای بەریتانیی پێشوودا. خوێندنی باڵا لەسەر بنچینە و ئەساسی بەرنامەی پەروەردە و ئاراستەی ئینگلیزی مایەوە و لە راستیدا لە ساڵەکانی دوای سەربەخۆبووندا زۆر بە ئارامی گەشەی کرد. تەنانەت ئەو نەتەوانەی قەت لە لایەن هێزێکی داگیرکەرەوە ئیدارە نەکرابوون، لەوانە تایلەند، لایبێریا و ئیتیۆپیا، چوونە ژێر هەژمونیی پەروەردەی رۆژاوایی، ئەوەش بەهۆی پەرەسەندنی یارمەتییە دەرەکییەکان و هاوکارییە تەکنیکییەکانەوە هاتە ئاراوە.

لە زۆرێک لە وڵاتانی لەحاڵی گەشەدا بەردەوامی لە کەڵک وەرگرتن لە زمانە ئەورووپییەکان یەکێکە لە رەهەندە هەرە گرنگەکانی کۆلۆنیالیزمی نوێ و کارتێکەریی میراتی داگیرکاری لەسەر وڵاتانی جیهانی سێهەم. لە چەن حاڵەتێکدا، وەکوو ئەندۆنیزیا، زمانی داگیرکەر(هۆلەندی) وەلانرا و لە بواری فرەچەشنیی زمانییەوە سیاسەتی نەتەوەیی ئاراستەی زمانی نیشتمانیی گرتەبەر. لە چەن وڵاتێکی لەحاڵی گەشەدا وەکوو نایجیریا، غەنا، هیند و پاکستان و زۆربەی وڵاتانی ئەفریقایی، فەرانسە-زمان کە زیاتر لە یەک زمانی نیشتمانی و خۆجێیی بوونی هەبوو، خواست و ویستێک لە ئارادا بوو کە لە کاروباری ئیداری و برێک جاریش لە بواری پەروەردەدا زمانی ناوەند (وڵاتی داگیرکەر) بەکاربهێنرێ. رەوتی گۆرینی زمانە ئەورووپییەکان بۆ میدیای خۆجێیی بە ئارامی دەچێتە پێش، بەڵام خاوەن پرۆسەیەکی ئارام و دژوار بووە. بێجگە لەوەش، گۆرانکاریی زمانی لە قوتابخانەکاندا هەمیشە گۆرینی بەنامەی دەرسیی بەدواوە نەبووە.

زمانە ئەورووپییەکان ویستوویانە دوای ئەوەی زمانی قوتابخانەکان بۆ زمانی نیشتمانی گۆرا. لە نێوان توێژی نوخبە دا درێژە بە بوونی خۆیان بدەن. لە برێک وڵاتاندا، خوێندنی باڵا بەرەو زمانی داگیرکەر یان ناوەند رادەکێشرێ، تەنانەت پاش ئەوەی گۆرانکاری لە ئاستەکانی خوارەوەدا وەدی دێ. هەروەها، چینی نوخبەی وڵات منداڵەکانی خۆیان لە قوتابخانە ناحکوومی و تایبەتەکاندا دەنێنە بەر خوێندن کە زمانی خوێندنیان زمانە ئەورووپییەکانە، بۆ ئەوەی لەو پۆستانەی پێیان دراوە بمێننەوە. هەروەها گرنگی پێدانی بەردەوام بە زمانە ئەورووپییەکان لێکەوتە و بەرەنجامی دیکەشی هەیە.

پەیوەندیی پتەوی فیکری لەگەڵ ناوەند(داگیرکەر) بە شێوەیەکی گشتی

لەجێی خۆی دەمێنێتەوە و لە ئاکامدا ژیانی فیکریـــی نەتەوەیی و گەشـــەی فەرهەنگی، دەشێ تووشـــی ڕاوەستان بێ یان لانی کەم بە لاڕێدا بڕوات. بۆ نموونە لە هیندووســـتان، لێکۆڵینەوە لەسەر زمانە هندییەکان گەشەی نەکـــردووە، ئەو بابەتەش تا ڕادەیەک بەهۆی گوشـــار بـــۆ بەکارهێنانی زمانـــی ئینگلیزی وەکـــوو ئامرازی دەربڕین و بـــڵاو بوونەوەی ڕۆژنامە و گۆڤـــارەکان بووە. زانایانی ئابووری لـــە هیندووســـتان زۆرتـــر بـــە مۆدێـــل و تیۆرییەکانەوە خەریـــک بوون تا ئەوەی کار لەســـەر کێشـــە ناوخۆییەکانی گەشەکردن بکەن. کۆمەڵناســـە هیندییەکان لە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکاندا لەبەر نادیدەگرتنی کێشە ناوخۆییەکان و چوارچێـــوەی کۆمەڵایەتی و گرنگیـــدان بـــەو تیورییە کۆمەڵناســـییانە کـــە ئاراســـتەی ڕۆژاوایی هەبـــوو، کەوتنە بەر ڕەخنـــە و توانج. دەوڵەتە پێشـــکەوتووە ســـەرەکییەکان، بـــە دیاریکـــراوی هێـــزە داگیرکەرەکانی ئینگلیزی زمان و فەرانسەیی زمـــان، لە ڕێگەی پێدانـــی یارمەتیی دارایی بۆ دابین کردنی کتێبی دەرســـی و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە ڕۆڵیان گیـــڕاوە بۆ مانەوەی دۆخـــی پەروەردەیی و زمانـــی لەو وڵاتانەدا. ئەوان بوورســـیەیان بۆخوێنـــدکاران دابین کرد، بـــۆ ئەوەی لە وڵاتانـــی ناوەندا درێژە بە خوێنـــدن بدەن، هەروەها ژمارەیەکی زۆر مامۆســـتا و ڕاوێژکاری تەکنیکییان ڕەوانەی وڵاتانی لەحاڵی گەشە کرد. سەرلەبەری ئەم فاکتەرانە یارمەتیدەربوون بۆ ئاراســـتەکردنی وزە و توانـــای فیکـــری و حەز و خواســـتی وڵاتانـــی لەحاڵـــی گەشـــە، لەبارودۆخـــی خوجێیی خۆیانەوە بەرەو کۆمەڵگەی هزریی نێونەتەوەیی و زانستی.

یارمەتییەکانـــی ئەمریکا بـــۆ زانکۆکانی وڵاتانی دەرەوە، هەوڵێک بوون بۆ سڕینەوەی سیاســـەت لە ڕەهەندەکانـــی خوێندنی باڵا. بنیاتنانـــی زانکۆ تەکنیکییـــەکان لە وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا، گەواهیدەری ئەم ئاراســـتە و هەڵوێستەیە. (بڕوانە Myers 1968).

ئەم ناوەندی فێربوونانە بۆ ڕکابەریی زانکۆ نیشتمانییەکان ســـەریان هەڵداوە. پاساوێک کە بـــۆ پەرەپێدانی ئەم ناوەندە نوێیانە لەبری بردنەســـەری ئاستی زانکۆ نیشـــتمانییەکان خراوەتـــە ڕوو، بریتییە لـــەوەی کە بەرنامەی پـــەروەردە لەســـەر ئەساســـی تەکنیـــک و زانست لە فێرگە کۆنەکاندا جێبەجێ ناکرێ. ئەوەش گرنگـــە کە بزانین زانکـــۆ کۆنەکانی ئەمریـــکای لاتیـــن زۆربـــەی کات لەلایەن کەســـانی چەپگەراوە بەڕیوە بـــراوە و فێرگە نوێترەکان جۆرێک لە هاوسەنگی لە بەرانبەر کاریگەرێتیـــی ڕەوتی چەپ لە ســـەر ژیانی هزری و سیاسی ئەمریکای لاتین پێک دێنن. زانکۆ تەکنیکییەکان بۆ بەشـــی زانســـتەکان، جەختیان لەسەر بوونی بەرنامەی خوێندن و پەروەردەی داهێنەرانەتر دەکردەوە. هەروەها لە زۆر بواریشدا ڕێکخراوەیەکی ئەکادێمیکی ئەمریکاییان پێک هێناوە.

بە مەبەســـتی ئاســـانکاری بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکان و سیاســـەتی ئەمریـــکا، مۆدێلە دیاریکراوەکانـــی خوێندنی بـــاڵا و چەندین بەرنامـــەی جۆراوجۆر لە بـــواری داراییەوە پشتیوانی دەکرێ. ستایلی ئەمریکایی کە بە بەرنامەی خوێندنـــی «کۆلیجەکانی زەمینی بەخشـــراو» ناســـراوە، لـــە چەندیـــن وڵاتی لەحاڵی گەشـــەدا جێبەجێ کراوە، لەوانە لە هیندووســـتان، نایجیریا، ئەندۆنیزیا و چەند وڵاتی ئەمریکای باشوور. ئەم زانکۆیانە لەسەر ئەساســـی پیوەندیی نزیکی نیوان دەوڵەت و زانکۆ و بەرانبەر بە نەریتە ئەکادێمیکییەکانی سەربەخۆمانەوە، لە بڕێک لە وڵاتانی لەحاڵی گەشـــەدا دامەزراون. هەڵبـــەت لەوانەیە ئەم مۆدێلە لەبار و شـــیاو بێ بۆ وڵاتانی لەحاڵی گەشـــە، هەرچەند لە ڕاســـتیدا سەرکەوتوو بوونـــی ئـــەو زانکۆیانە کە بە پێی ســـتایلی زەمینی بەخشراو لە چەند وڵاتێکدا دامەزراون،

لانیکەم بەهۆی ئەو پارە و یارمەتییە تەکنیکییانەوەیە کە پێشکەشی ئەم ستایلی خوێندنە دەکرێ.

ئاکامی بەرنامە و سیاسەتی ئەمریکایی تا ڕادەیەک لە سیاسەتی کۆلۆنیالی بەریتانی لە سەدەی نۆزدە دەچێ و تێیدا ناوەندەکانی فێرکردن لە ولاتی ناوەند هەناردەی ولاتانی لەحاڵی گەشە دەکرێ و زۆربەی کاتەکان لە خوار ئاستی ستانداردە ناوخۆییەکانەوە بووە و بڕێ کاتیش بێ هاوئاهەنگی و گونجان لەگەڵ بارودۆخی ناوخۆییدا.

ولاتە پێشکەوتووەکان لە بواری بردنەسەری ئاستی دیاریکراوی نەزم و نەسەقی ئەکادێمێک و پسپۆرییەکاندا و هەروەها لە تەرکیز لەسەر ئەو دیدگا و تێڕوانینەی هاندەری کەسانی بەخشندە و یارمەتیدەرە، چالاکن. ئەنستیتۆیەکی لێکۆڵینەوەی ئەمریکایی لە هیندووستان بە یارمەتییەکانی ئەمریکا دامەزراوە، کە خاوەنی ژۆرنالێکی زانستییە و تێیدا کەسانی ئەکادێمیکی هیندی بۆیان هەیە لەسەر بابەتگەلی پەیوەست بە ئەمریکا نووسینەکانیان بڵاو بکەنەوە. ئەم ڕێکخراوەیە بێ ئەوەی پەیوەندیی بە مودێرنیزەکردنی هیندەوە هەبێ، هەوڵی ئەوە دەدا لە درێژماوەدا تاقمێک پسپۆڕی هیندی بەرهەم بێنێ کە دڵخواز و دابینکەری خواست و ئامانجی ئەمریکاییەکان بن و پێدەچێ بە شێوەیەکی پیشەییانە گرێدراوی ئەو خواستەش بن.[٢]

سەیر نییە کە پەیوەندییەکانی نێوان ولاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو و ولاتانی لەحاڵی گەشەدا لە زۆر بابەت و زەمینەدا نایەکسانن. کارتێکەریی ولاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوو بەکۆتاییی سەردەمی نەریتیی کۆلۆنیالیزم کۆتایی نایە و یەکێکە لە ڕاستییە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی جیهانیی ولاتانی لەحاڵی گەشە. سەرەڕای سروشتی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگری ئەم ڕاستییە، زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان کە لەسەر تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردەییەکانی جیهانی سێهەم ئەنجام دراوە، ئەم ڕەهەندە سەرەکییەی بارودۆخەکەیان لەبەرچاو نەگرتووە.

ناکرێ گەشبین بین کە کۆلۆنیالیزمی نوێ لە هەر بوارێکدا دەستبەجێ کۆتایی پێ بێ، بەتایبەت لە ڕووی پەروەردەوە. وەک دەبینین بۆشاییی زانستی و پەروەردەیی نێوان ولاتانی پێشکەوتوو و لەحاڵی گەشە لە زیادبووندایە...

تەنها کاتێک کە تیگەیشتنێکی تەواو لەمەڕ نیۆکۆلۆنیالیزمی مودێرن لە زۆربەی لایەنەکاندا وەدی بێ، شێوازی زاڵبوونی ڕۆژاوا بەسەر ڕۆژهەلاتدا دەگۆردرێ بۆ ڕێکخستنێکی دادپەروەرانەتر لە دنیایەکی سەربەخۆدا.

*. Philip G. Altbach. “Education and Neocolonialism.” In The Post-Colonial Studies: Reader. Edited by Bill Ashcroft, Gareth Griffiths and Helen Tiffin. 452-56 (London: Routledge, 1995).
Philip G. Altbach, Former professor at Boston College, and the founding director of the Boston College Center for International Higher Education, USA.

## یادداشتەکان

١. لە سینگاپوور کە زۆربەی نوخبەی حاکمی ئەو ولاتە لەو چینییانە پێکهاتووە کە بە ستایلی بەریتانی خوێندوویانە، سەرۆکوەزیرانی سەردەمی دوای سەربەخۆیی، لی کوان یو، فەرمانی دەرکرد کە ئەندامانی حکوومەت دەبێ فێری زمانی چینی بن. لی کە خۆی دەرچووی زانکۆیەکی بەریتانییە، خۆی فێری زمانی چینی کرد بۆوەی بتوانێ لەگەڵ خەڵکەکەی پەیوەندی بگرێ.

٢. تەنها ئەمریکاییەکان نەبوون کە لە دەرەوەی ولات، هەوڵی پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەیان دا لەسەر ولاتی خۆیان. هەروەها یەکیەتیی سۆڤیەتیش لە دێلهی و ولاتانی دیکەی لەحاڵی گەشە، پارەی بۆ دامەزراندنی دێپارتمێنتی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕووسیا تەرخان کردووە. دەوڵەتانی ئاڵمان و فەڕانسەش یارمەتیی داراییان داوە بۆ بواری پەروەردەی مامۆستا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر زمان و فەرهەنگی ئاڵمانی و فەڕەنسەیی و دابین کردنی پارە بۆ سەردانی مامۆستاکان بۆ زانکۆکانی ولاتانی پێشکەوتوو. هەرچەند ئەم بەرنامانە لەڕووی دیپلۆماسی و سیاسەتەوە گرنگ نین، بەلام لە ولاتانی لەحاڵی گەشەدا، کەسانێک بەرهەم دێنێ کە پەیوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ولاتێکی دیاریکراوی داگیرکەردەبێ.